# گومان هەرلە تاریكیدا دەدرەوشێتەوە

**ئەی ژیان دەتبینم تۆ لەمن هوڕتروكاستر دێیتە بەرچاو**

**حەمەشوان شەریف**
**سوێد-كونگێلف**
20060627

**چەند جارێک دەبێ بەلێنمداوە**
**ئیتر**
**بەسۆزەوە**
**نە ڕژێمە ناوجۆگەلەكانی دڵداریەوە و**
**لەژێر بارانێكی هێوردا**
**دڵنەوایی چاوەكانم بدەمەوە**
**تا**
**گریان خۆی تێمەوە نەئالێنێت**
**دەجارێک دەبێ**
**دەستم بەسوورەتەكانی بـــا*دا ناوە**
**كە ئیتر هەواڵێكی تۆی لێنەپرسم و**
**خەمی پیربوونت**
**نەبێتە هۆی سپی بوونی سەری من**
**دووجارێكدەبێ**
**خۆم لە دارژاڵەكانی كۆڵانەكەتان هەڵسوو ی وە ***
**تا بە گێلاسە شیرینەكانی**
**ڕێگای قوتابخانەسەرەتاییەكان نەیەیتەبەرچاوم و**
**بە چلێكتا خۆم هەڵنەواسم**
**ووتم:-**
**كلۆمی دە دەم ئەودەرگایەیی**
**بۆ هەمیشەكراوە بوو**
**بۆ هەناسە قەتیسماوەكانت**
**كەبەلێشاو دەهاتن و لەشی ڕژاومیان دەكولانەوە و**
**چاوی كوێرم بەڕستەیەک دەتوونایەوە و**

بەدیار قەهرێکتەوە
تا ڕۆژ بەخەبەردەهات
دەبوم بەسێبەری ترپەکانی دڵت
ئەمووت نەبا خوانەکردە
میوەکانی سنگت بوەرێ و مێرووتێیان بدات
یان
خۆم ڕادەخست لەژێر گریانێکتا
تا پیاوەتیم پاکپێتەوە
کەدەشمزانی بێگەرترین بێگەردم
بۆ دڵداری و ئەو چاوانەی
جووتێ خوام بوون
ئەو زمانەی بوو بە مار و لە سەد لاوە
گەزتمی
ئـــــــــا بەڵێ ئا
هەر ئەو چاوانەبوون کویلەی کردم .

ئەی گومان
بەختەوەرترین هاوڕێم
تۆ
قەڵایەکی بەرزی و
ژیان بەبەردێکت
ئەم خانووە تاریکەی بۆ بنایت ناووین
تا دەمرین من و تــــۆ دەبێ
لەناو تاریکیدا لەیەکتر بڕوانیین
بەنهێنیەوە نهێنیەکان بدرکێنین
بەترسەوە یەکتریمان خۆشبوێت
بە گومانەوە لێوی یەکتر هەڵگلۆفین
لە تاریکیدا بدرەو شینەوە
لە تاریکیدا بەڕووتی جووت بین

تا ئێوه ئه‌مان بینن
ئه‌ی ئه‌وانه‌ی له ژێر خۆرێکی به‌تیندا نووستوون و
بێئاگان له‌و که‌سانه‌ی
له‌ژێر باڵی تاریکیدا گریـــــــــان
دایپۆشیوون و
ته‌نیا چاوه‌کانیان
له‌تاریکیدا ده‌دره‌وشێته‌وه .

* *** *** ***